عەون زیاب: لەگەڵ تورکیا گەیشتووەتە ڕێکەوتن بۆ ئەوەی ڕێژانە 500 مەتر سەجا ئاو لە ڕووباری فوراتەوە بڕبداتەوە

ئەمڕۆ شەممە عەون زیاب عەبدوڵڵا وەزیری سەرچاوە ئاوییەکان ئاشکرای کرد، عێراق لەگەڵ تورکیا گەیشتووەتە ڕێکەوتن بۆ ئەوەی ڕێژانە 500 مەتر سەجا ئاو لە ڕووباری فوراتەوە بڕبداتەوە.

وەزیری سەرچاوە ئاوییەکان لە کۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانیدا کە موتەبع بەدواداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند: عێراق و تورکیا ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی ڕێژانە 500 مەتر سەجا ئاو لە ڕووباری فوراتەوە بڕبدەن، ئاماژەی بەوەشکرد لیژنە هاوبەشەکان لەگەڵ هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا بەردەوامن لە کارکردن بە دەستبەرکردنی پشکی ئاوی وڵات لە هەردوو وڵات.

هەروەها ووتیشی : عێراق بەردەوام لە جێبەجێکردنی مەرجەکانی ڕێککەوتنی چوارچێوە لەگەڵ تورکیا، لەوانەش جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ژێرخانی لەلایەن لایەنی تورکیاوە لە کەرتی ئاودێری و دەستبەرکردنی بەردەوامی لەشاوی ئاو لە خاکی تورکیاوە.

ئاماژەی بەوەشکرد : ئەو دەستپێشخەرییە هەرەمییەی کە محەمەد شیاع سودانی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران بە پاراستنی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات دەستیپێکردووە، ئامانجی دەنیابوونە لە بەردەوامی ڕێیشتنی ئەو دوو ڕووبارە و پاراستنیان لە ناوخەدا.

ڕوونیشیکردەوە : هەوڵەکانی وەزارەت سەرکەوتوو بووە لە پاراستنی بەردەوامیی ئاوی تاوەکان

سەرەتای ئەو کەمی ئاوە زۆری وەات بەدەستیەوە دەناڵێنێت و نەبارینی بارانبارینی زۆر.

ڕوونیشی کردەوە : کە عێراق لە ڕاستیدا پێویستی بە دروستکردنی بەنداوی عەمبارکردن نییە، بەشایی عەمبارکردنی گەورە لە بەنداوەکانی ئێستا هەیە، بە نزیکەی 7 ملیار لیتری زیادە لە بەنداوی موسڵ، 4 ملیار لیتر لە بەنداوی سەرسار، و 8 ملیار لیتری زیادە لە بەنداوی حەدیسە مەزەندە دەکرێت.